



ئارام سـدیق

# نووسینەوەی ئەزموون لە رێی ئەفراندنی حیکایەتەوە

## رامانێک لە کتێبی "دەستنووسی یەکەم"ی عەتا محەمەد




**ژیان لەناو وشەدایە
نەوەک وشە یەکێک بێت
لە رەگەزەکانی ژیان**



عەتا محەمەد

## سەرەتا

خوێندنەوەی کتێبی "دەستنووسی یەکەم"ی عەتا محەمەد، لە خوێندنەوەی هەموو کتێبێکی تر جیاوازە، بەو دەلیلەی کە ئەم کتێبە سێ چاوپێکەوتنی تێدایە لەگەڵ سێ نووسەری ئەندێشەی کە لە بووندا نین و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە. هەروەها کتێبی چاپکراویان هەیە و بەرگی کتێبەکانیشیان لەگەڵ چاوپێکەوتنەکاندا دانراوە. نووسەری ئەم کتێبە دەیەوێت لەرێی ئەم چاوپێکەوتنانەوە چی بڵێت؟ بۆ پەنای بردۆتە بەر ئەم جۆرە لە نووسین کە تا ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا نییە و بۆ ئەدەبی کوردی زۆر تازە و نوێیە؟ بۆیە رەنگە هۆکاری بێدەنگ تێپەڕبوونی کتێبی "دەستنووسی یەکەم"بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ناوەندی رۆشنبیری و خوێنەری کورد تا ئێستا دەقێکی لەو چەشنە ئەزبەر ناکات و ئەو (مەبەستم خوێنەر و رۆشنبیری کوردە) دەق لە کۆمەڵێک چوارچێوەدا دەبینێت، کە لە راستیدا دەق ناخرێتە هیچ چوارچێوەیەکەوە و ئەگەر نووسەر ئەفرێنەر بێت ناکۆتا رێگەیە بۆ خستنەڕووی بیربۆچوون و ئەزموونەکانی خوڵقاندنی تێکستی نوێ، کە رەنگە پێشتر لەو فۆرمەدا نەبووبێت.

"دەستنووسی یەکەم"ی عەتا محەمەد لە ساڵی (٢٠٠٣)دا لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمدا چاپکراوە و لەو کاتەوە تا ئێستا بێدەنگی ئەو کتێبەی داپۆشیوە، کە من پێموایە بەشێکی ئەو بێدەنگییە وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خوێنەر و رۆشنبیری کورد بەو جۆرە لە تێکست رانەهاتووە و پێشتر تێکستی لەو شێوەیەی لە ئەدەبی کوردیدا نەبینیوە. ئەم تێکستە کاتی خۆی کە من لە ئەیلولی هەمان ساڵدا خوێندمەوە چێژێکی زۆری پێ بەخشیم، چێژێک کە تەنها کتێبە جوانەکان دەیبەخشن. بەڵام ئەوەی هانیدام پاش پێنج ساڵ بگەڕێمەوە سەری ئەوەیە ئێستاش کە هەندێکجار دەگەڕێمەوە سەری بەشێکی لێ دەخوێنمەوە هەست بە تازەیی و نەمری ئەو تێکستە دەکەم، کە ئەم حاڵەتە لە تێکستی کوردیدا کەمە، ئەمەش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا خراونەتەڕوو.

نامەوێ لێرەدا زیاتر لەسەر ئەم لایەنە بدوێم و دەمەوێت لە رێی ئەم نووسینەوە هەندێک لایەنی ئەو تێکستە بخەمەڕوو. ئەوەی لێرەدا خراوەتەڕوو هەوڵێکە بۆ ناساندنی ئەو هەوڵە جوانەی عەتا کە کاتی خۆی نەک ئاوڕی لێ نەدرایەوە، بەڵکو تا ئێستاش پەراوێزخراوە، وەک ئەوەی فەرامۆشکردن قەدەری ئەو کتێبە بێت.

### ئایا نووسەر خوڵقێنەرە؟

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە خوێنەر لە پێشەکی "دەستنوسی یەکەم"دا دەیبینێتەوە وەک ئەوەی

عەتا بیەوێت زەمینە بۆ خولّقاندنی نووسەرە ئەندێشەییەکانی خۆش بکات و جۆرێک لە شەرعییەت بدات بە گەمەی خولّقاندنی ئەو نووسەرانە. عەتا لەو پێشەکییەدا دەنووسێت: هەموو دەقێک بەشێوازێک هەولّی خولّقاندنی مانایەک دەدات لەدەرەوەی خۆی، یاخود جۆرێک لە پەیوەندی لەگەلّ جیهانی دەرەوەدا دروست دەکات.

بە وردبوونەوە لەم پێناسەیە بۆ دەق، دەبینین عەتا نووسەر وەک خالقێک دەبینێت. خالقێک کە وەک ئەو خالقە نادیارە توانای خولّقاندنی زۆر شتی هەیە. پاشان عەتا دەنووسێت: دوو چەمک بەرەو زۆر پەنهانمان دەبات کە ئەویش (نووسەرخالق)ە کە دەرئەنجامێکی سەخت دەخاتەوە ئەگەر هاتوو هەستاین بە پۆلێنکردنی سەرجەمی دەق و نووسینەکان بە درێژایی مێژوو بەسەر ئەو نووسینانەی نووسەر نووسیویەتی و ئەوانەشی کە خولّقاندوویەتی، پاشان ئەو کێشەیەی لەم دوو چەمکەوە دەکەوێتەوە ئەوەیە، یەکەمیان سەر بە واقیعێکی دیاریکراوەو هەولّی گوزارشتکردنی ئەو واقیعە دەدات، بەلاّم دووەمیان خولّقێنەر بەرەو دیدێکی میتافیزیکیمان دەبات کە ئەندێشە پەی پێ دەبات.

پێدەچێت عەتا لە خستنەڕووی ئەم کێشەیەدا نەیویستبێت بچێتە وردەکاری ئەو گەمەیەی نووسەر دەیکات تا دەبێتە خالق، بەلاّم خوێنەر لەکوێی پێشەکی ئەو کتێبەدا تێدەگات کە نووسەر خالقێکی بەرجەستەکراوە و پێدەچێت توانای هێندەی ئەو خالقەی تر نەبێت، بەلاّم توانای سەرچلّی ناکۆتای هەیە لەسەر زەمین و هەموو داهێنانەکان لە هەموو بوارەکاندا بەرهەمی ئەو سەرچلّییانەی مرۆڤن. هەروەها توانای دروستکردنی حیکایەت و نووسەری ئەندێشەی هەیە. واتە رەگی ئەو کێشەیەی عەتا لەو پێشەکییەدا دەیخاتەڕوو بۆ ئەوەیە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان گەمەی خولّقاندنی ئەو نووسەرە ئەندێشەییانە ئاسایی بکاتەوە، بەوەی ئەوە نییە نووسەریش دەستی لە خولّقاندندا هەیە و دەتوانێ لە ئەندێشەوە مرۆڤ بخولّقێنێت.

لە کۆتایی ئەو پێشەکییەدا عەتا دەنووسێت: ئەو نووسەرانەم بەرجەستەکرد تا چێژی خولّقاندن بەدەستبهێنم و پەی بە زۆر نهێنی شاراوە ببەم.. ئیدی بڕیاری ئەو سەفەرە ئەفسانەییەم داوە، وەک خەونی نەمری لای کیمیاگەرێکی پیر بەخۆم و نووسەرە ئەندێشەییەکانمەوە رۆیشم تا سنووری یەکێک لە چێژە حەرامەکان ببڕم کە "خولّقاندنە"...

کەواتە نووسینی ئەم کتێبە لای عەتا بۆ بەدەستهێنان و بەرجەستەکردنی چێژێکی لەبیرکراو و حەرامکراوی دنیای کوردییە کە ئەویش چێژی"خولّقاندنە". یان بۆ ئەزموونکردنی دنیایەکی ئەزموون نەکراوە، کە عەتا ئەو وەزیفەیە لە نووسیندا چڕ دەکاتەوە.

## دەستنووسی یەکەم، یان کتێبی نووسەرە ئەندێشەییەکان

ئێمە لێرەدا دەمانەوێت لەمەڕ ناونیشانی ئەو کتێبە قسە بکەین. ناونیشانی سەرەکی کتێبەکە (دەستنووسی یەکەم)ە و ناونیشانی لاوەکی، یان دووەم "کتێبی نووسەرە ئەندێشەییەکان"ە، پێدەچێت ناونیشانی دووەم بۆ روونکردنەوەی ناونیشانی یەکەم بێت، بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت کە تێکست و نووسەرەکان ئەندێشەیین. لەم کتێبەدا نووسەر بیروڕای خۆی لەسەر گەلێک مەسەلەی پەیوەست بە چیرۆک و ئەزموونی نووسینی خۆیەوە خستۆتەڕوو و یەکێکە لەو تێکستانەی زانیاری زۆری لەمەڕ بیرکردنەوەو ئەزموونی "عەتا محەمەد" دەردەخەن.

ئەگەر لە ناونیشانی یەکەم (دەستنووسی یەکەم) وردبینەوەی ناونیشانێکی سەرنجڕاکێش و نامەفهومە بەوەی ئێمەی خوێنەر نازانین ئەوەی بۆتە دەستنووسی یەکەم چییە؟ ئەی ئایا دەستنووسی دووەمی چۆن دەردەچێت؟ عەتا لە چەندین شوێندا ئاماژەی بەوە داوە، کە ئەو قودرەتی ئەوەی نییە هیچ چیرۆکێک دووجار وەک خۆی بنووسێتەوە و ئەگەر داوای لێبکەن چیرۆکێکی خۆی بۆ جاری دووەم بنووسێتەوە ئەوە چیرۆکێکی تر دەردەچێت. ئەم حاڵەتە ئەوە دەردەخات کە توانای گێڕانەوە لای عەتا توانایەکی فراوانە و هاوکات ئاسۆی بیرکردنەوە و رامانیشی فراوانە. بۆیە پێدەچێت لە داهاتوودا ئێمە دەستنووسی دووەمی ئەم کتێبەش بخوێنینەوە (بێگومان ئەمە تەنها گریمانەیەکە و هیچی تر).

ناونیشانی دووەم، یان ناونیشانی لاوەکیی کتێبەکە "کتێبی نووسەرە ئەندێشەییەکان"ە، کە لەیەکەم سەرنجدا خوێنەر توشی رامان دەبێت و ئەو پرسیارەی لادەورووژێت کە نووسەرە ئەندێشەییەکان کێن؟ چیان نوسیووە؟ بۆ دەنووسن؟ ئەم پرسیارانە هەمووی لەنێو ئەو تێکستەدا وەڵامدراونەتەوە. خوێنەر پاش تەواوبوونی کتێبەکە تێدەگات نووسەرە ئەندێشەییەکان ئەو نووسەرانەن کە خوڵقێنراوی بیری عەتا محەمەدن، کە هەریەکەیان ناوی تایبەتی خۆیو بەرهەمەکانیشی بەشێوەی سیستماتیک خراونەتەڕوو.

نووسەرە ئەندێشەییەکانی عەتا ئەمانەن: (سیامەند کاکەخان، ئازاد سەید خەلیفەو زەردەشت کەریم).پاشان خوێنەر بەتێکڕای بەرهەمەکانیشان ئاشنا دەبێت کە بێگومان ئەوانیش هەر ئەفرێنراون. لەوەڵامی ئەوەشی بۆ دەنوسن؟ هەر نووسەرەو وەڵامی خۆی داوەتەوە و لە خوێندنەوەی کۆی چاوپێکەوتنی هەرنوسەرێکدا تێدەگەین کە ئەو نووسەرانە هەریەکەیان راوکەری وەڵامی پرسیارێکی تایبەتن، یان هەموویان بە دوای وەڵامی پرسیارێکدا دەگەڕێن با لێرەدا لە چەند دیدێکی ئەو نووسەرە ئەندێشەییانەی عەتا وردبینەوە.

سـیـامـەند کـاکـەخـان ئـەوە دەخـاتـەڕوو کـە "ژیان لـەناو وشـەدایـە نەوەک وشـە یـەکێک بێت لە ڕەگەزەکانی ژیان.." لـە کۆی چاوپێکەوتنی یەکەمدا تێدەگەین سیامـەند بەدوای نهێینی وشـەدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بگاتە مـانـای شـتـەکان. دواتر سـیامـەند لەبارەی پەیوەندی نووسـەر و خـوێنەر ئەوە دەخـاتـەڕوو کە نووسین لە گەمـەی شەترەنج دەچێت کە لەنێوان نووسەر و خوێنەردا دەست پێدەکات نووسەر دەستپێشخەریی دەکات لە فڕێدانی جوڵە فێلاوییەکانی. پاشان کە باس دێتە سەر کتێب و سوتان دەنووسێت: سـوتانی کتێب، سوتانی شارستانییەتەکانە، کە کتێب بەر لەو لەناوچوونە دەگرێت کە ئینسانەکان خۆیان پێی هەڵدەستن.

ئازاد سـەید خـەلیـفـە، کـە دووەم نووسـەری ئەندێشـەکـراوە ئەوە دەخـاتـەڕوو کە نـووسین بۆ بەخـشـینی ئومـێد نییـە، ئەوەندەی ڕۆچوونە بەنـەهـامـەتیـیـەکانی تـاک لە پەیوەندی خـۆی لەگەڵ دەوروبەریدا، بەڵکو ئەمـە کاری ئایدیۆلۆژیایە کـە هەڵدەسـتێ بە سـاختـەکـاری لە واقـیـعـدا تۆ دەتوانی لە پشت هەموو کارە گاڵتەئامێزەکانەوە کارەساتێک ببینیت.

دواتر دەڵێت: نووسین پێویستی بە دیدێکی میتـافـیـزیکیـانە هەیە تا لێیـەوە سـەیری واقـیع و مێژوو بکەین جیـالەوەی ئایدۆلۆژست و زانا گەشـبـینەکان پێمـان دەڵێن. لێرەوە تێدەگەین لای ئازاد نووسین گوزارشتە لە دیدە تراژیدیاکان و خستنەڕوو ئەو تراژیدیا لە ڕێی وشەوە.

زەردەشت کەریم کە دوا نووسـەری ئەندێشەکراوە پێی وایە "نووسین سەرلەنوێ خوڵقاندنەوەی ژیانە بە تێڕوانینێکی جیاواز لەوەی هەیە". لە وەڵامی پرسیاری شیعر چییەدا؟ زەردەشت دەڵێت: شیعر کردنەوەی ژیان و جیهانە بەسەر زیاد لە مانایەک کە ئەمەش پێویستی بە دیدێکی خالقانە هەیە تا پەی بە پەنهانی و نهێنییەکان بەرین.

پاش خستنەڕووی ئەم بۆچوونانە تێدەگەین ئەم نووسەرانە وەک پێشـتریش ئاماژەیەکم بۆکرد بەدوای پرسـیـارێکدا دەگـەڕێن کـە ڕەنگە بگـەنە وەڵامـەکـەی، یـان گـەڕان بەدوای ئەو پرسـیـارەدا دەرگـای پرسـیـاری تر بێت، هەروەهـا ئەو نووسـەرانەش وشـیـارن بەوەی بۆ دەنووسن؟ کـە ئـەمـە گرنگترین خـاڵی ئەم کتێبـەیە، چونکە بەشـێکی زۆری نووسـەری کورد پاش چەندین سـاڵیش لە نووسین نـازانێ بۆ دەنووسـێت؟ یان کـە وەڵامی ئەو پرسـیـارەش دەداتەوە وەڵامـێکە کە نـاتوانێ هەموو ڕەهەندەکانی ئەو پرسیارە بگرێتەوە، یان وەڵامێکی ناکامڵە.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕەگەزی "ناونیشـان" لەم کتێبەدا دەبینین "نـاونیشـان" نابێتە هۆی کلیل بۆ خوێنەر و خـوێنەر لەناونیشـانەوە ناتوانێت پێشبینییەکی تارادەیەک گونجـاو بۆ تێکستی نێو کتێبەکە بکات. تێکست لەم کتێبەدا حوکمی کۆی ڕەگەزی ناونیشـان دەکات.

## نووسینەوەی ئەزموون لە ڕێی حیکایەتەوە

ڕەنگە عەتا یەکێک بێت لەو نووسەرانەی بەردەوام بیەوێت لەڕێی دروستکردنی حیکایەتەوە خۆی بە خوێنەر بناسێنێتەوە، ئەم نووسەرە حیکایەتخوانێکی دەوڵەمەندە و نایەوێت بەردەوام لەڕێی چیرۆک، یان ڕۆمانەوە حیکایەت بگێڕێتەوە، بەڵکو ئەو تێکستی تر بۆ گێڕانەوەی حیکایەت و نووسینەوەی ئەزموونەکانی دەدۆزێتەوە. من ڕاموایە لێکچوونی نێوان عەتا محەمەدو بۆرخیس لەم خاڵەدایە کە هەردووکیان خاوەنی توانای بەهێزن بۆ گێڕانەوە و دروستکردنی حیکایەت. بۆیە نووسینەوەی ئەزموونەکانیش لەڕێی چیرۆک و تێکستی ئەندێشەییەوە کارێکە کە دیسان خاڵی هاوبەشی ئەم دوو نووسەرەیە. بۆرخیس لە چیرۆکەکانیدا هەست بە گێڕانەوەیەکی ئاسایی دەکرێت، کە زیاتر لە گێڕانەوەی ئەزموونێک دەچێت، واتە دەستپێکی چیرۆکەکانی بۆرخیس دەستپێکێکە کە تایبەتمەندی خۆی هەیەو لەو دەستپێکەدا هەوڵی ئەوە دەدات خوێنەر فریوبدات بەوەی کە ئەوەی دەیگێڕێتەوە واقیعە و ئەو لەو چرکەیەدا بەرجەستەی کردووە، بەڵام دواجار خوێنەر تێدەگات کە ئەوە حیکایەتێکە، یان ئەفسانەیەکی ترە و خوڵقێنراوی بیری نووسەرن. خاڵی لێکچوونی نێوان عەتاو بۆرخیسیش لێرەدایە. عەتاش لە ڕێی دەستپێکەکانییەوە هەوڵی فریودانی خوێنەر دەدات بۆ ئەوەی پەلکێشی خوێندنەوەی چیرۆکەکانی بکات، بەڵام کاتێک خوێنەر چیرۆکەکە تەواو دەکات هەست بەوە دەکات کە حیکایەت دەخوێنێتەوە، حیکایەتێک کە ئەفرێنراوە.

ئەوەی نەمری دەبەخشێتە نووسەرێک تەنها جیاوازبیرکردنەوە و جیاوازنووسینە. نەک زۆر نووسین

هێندە بە وردی کاری کردووە تارادەیەکی زۆر نووسەرە ئەندێشەییەکان لە نووسەری واقیعی دەچن

بێگومان ئەم لێکچوونەی نێوان بۆرخیس و عەتا نەنگی نییە بۆ عەتا، بەڵکو ئەوە دەردەخات کە توانای گێڕانەوە و ئەفراندنی حیکایەت لای عەتاش لە ئاستێکی بەرزدایە، کە ئەو توانیویەتی ببێتە دەنگێکی جیا لەنێو نووسەرانی کورددا.

دەستنووسی یەکەم کتێبێکە ئەوەندەی تر بەتوانای عەتا لە بواری نووسین و خولقاندنی حیکایەتدا دەردەخات، چونکە ئەو لەم کتێبەدا و لەرێی ئەو سێ نووسەرە ئەندێشەییەوە، دەکرێت بلێین ئەزموونی خۆی نووسیوەتەوە ئەزموونێک کە بەشێکی زۆر لە نووسەری کورد، یان توانای نووسینەوەی نییە، یان لەسەرەتای تەمەنی نووسینییەوە پرسیارێک نەبووە بەدوایدا بڕوات و تا ئەو شوێنەشی گەیشتووەپێی وەڵامێکی دەست نەکەوتووە ئیتر چی بنووسێت؟!

عەتا لەزاری نووسەرە ئەندێشەییەکانەوە زۆر مەسەلەی گرنگی وروژاندووە، هەر لە نوسین چییەو پێناسەی چیرۆکەوە تا دزی ئەدەبی و دزینی چیرۆک و رەنگدانەوەی تراژیدیا لە ئەدەبدا و چەندین پرسی تر، کە وەڵامی هەبوو پرسیارەکانیش دەدرێنەوە و چەندین دیدگای نوێ و تایبەت دەخرێنەڕوو کە بۆ دنیای ئێمە بەشێکی زۆریان تازەن.

## جیاوازبوون، یان خۆجیاکردنەوە

هەر نووسەرێک خاوەنی رێچکەیەک و بەرنامەیەکی تایبەت بەخۆی نەبێت لە نووسیندا ناتوانێ خۆی لە دەوروبەر و نووسەرانی دی جیا بکاتەوە. ئەوەی نەمری دەبەخشێتە نووسەرێک تەنها جیاوازبیرکردنەوە و جیاوازنووسینە. نەک زۆر نووسین. رەنگە باسکردنی "ئەحمەد هەردی" نموونەیەک بێت بۆ ئەوەی کە ئەو شاعیرە لەبەر ئەوەی توانای جیاوازنووسینی هەبوو و توانی بەو چەند شیعرە کەمەی خۆی لە شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی جیابکاتەوە و نەمری لە نێو ئەدەبی کوردیدا بۆ خۆی راو بکات.

ئەو شیعرانەی هەردی تا ئەمڕۆش کە خوێنەر دەیخوێنێتەوە هەست بە تازەییان دەکات و هەست بەو هەناسە پڕ سۆزە دەکەیت کە بەردەوام تازەیە و لەتازەبوونەوەدایە. هەر لەو کاتەدا دەیان شاعیری تر هەبوون و شیعریان نووسیوە کەچی ئێستا کەس ناویان نابات، بێگومان ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە نەیانتوانیوە جیاوازبن.

عەتا ئەگەر لە پەنجەرەی تێکستەکانییەوە سەیری بکەین دەبینین هەوڵی جیابوونەوە و جیاکردنەوەی ئەو هێڵە دەدات کە چیرۆکی کوردی لەسەری بونیادنراوە، ئەو دێت و خۆی لە واقیع دەدزێتەوە و نایەوێت هەرگیز واقیعیانە چیرۆک بنوسێت. هەروەها هەوڵی دروستکردنی حیکایەت دەدات، یان دەیەوێت حیکایەتی نوێ لەناو مێژووەوە بخولقێنێت. بەشێکی زۆری چیرۆکنووسی کورد ئەوەندەی لە هەوڵی کۆپیکردنی واقیعدا بووە لە چیرۆکدا ئەوەندە لە خەمی خولقاندنی واقیعێکی گریمانکراوی نەبووە، کە عەتا دەیەوێت ئەو واقیعە گریمانکراوە بخولقێنێت.

نووسـەرە ئەندێشـەییـەکانی عـەتا خـوڵقاندنی واقیـعێکی گریمـانکراوە لە نێـو نووسـیندا، کـە دەکـرێت وەک درێژەپێـدەری ئـەوەش بیـبـینـین کـە وتمان عـەتا دەیەوێت هـێڵـی خـۆی لەچیـرۆکی کوردیدا جیـابکاتەوە. ئەو وەک چیـرۆکنووسـێک ببێـتـە خـاوەنـی هێڵـێک و هەر نووسـەرێکیش ئارەزووی بێت لەو دنیـایەدا کـاربکات دەبێت ئەو هێڵـە درامـی گێـڕانەوەیەی قـبـوڵ بێت،کە عـەتا کێشاویەتی و کاری تێدا دەکات، یان دروست تر بڵێین کە نووسەرە ئەندێشەییەکانی نێو کتێبی "دەسـتـنووسـی یەکەم" لەو نووسـەرانەن کە سـەر بە هێڵـەکەی عـەتان و جیـان لەو هێڵـە گشـتـییـەی چیرۆکنووسانی کورد کاری تێدا دەکەن و نەوە دوای نەوە درێژەی پێدەدەن.

کەواتە عـەتا هـەر لە کۆچیـرۆکی "پاشـمـاوە خـێڵـەکان"ەوە بڕیاری جیـابوونەوەی داوە لەو نەوە چیـرۆکنووسـەی چیـرۆکی کـوردی کە هەم لە رابـردوو و هەم لە ئێـسـتـادا ئامـادەییـان هەیە، بۆیە "جیاوازبوون" ئەو خاڵەیە عەتا بە وشیارییەوە کاری بۆ کرد و من راموایە پێیگەیشت.

## گەمەی خوڵقاندنی بەرگی کتێب

یەکێکی تر لە جـوانییەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە کە هـەر نووسەرێکی ئەندێشەکراو خاوەنی چەند بەرهـەمێکی ناوهـاتووە لە چاوپێکەوتنەکەدا و عەتا بۆ ئەوەی خوێنەر توشی سەرسامی بکات، یان چێـژی خـوێندنەوەی دەقـە ئەندێشـەییـەکەی زیاتر بکات. بەرگی بـۆ کـتـێـبی هەرسێ نووسـەرە ئەندێشەییـەکە دروست کردووە و ساڵی چاپ و بابەتەکانیشی لەسەر نووسیون. من لێرەدا تەنها ناو و بەرهـەمـی "سـیـامـەند کـاکەخـان" کە یـەکەم نووسـەری ئەندێشـەیی عـەتایە لەم کـتـێـبـەدا دەخەمەڕوو.

سـیـامـەند خـاوەنی سێ رۆمـانی چاپکراوە بەناوەکـانـی (چەتەکـانی خـەون١٩٩٣)و (شـەوی سـێـیـەک پاش مـەرگی مـحـێدینی وەجـاخکوێر ١٩٩٤)و (دەسـتـنووسـی یەکـەم١٩٩٧)، هەروەها "ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک"کە یاداشتەکانی نووسەرە و لە ساڵی (١٩٩٩)دا چاپ بووە. ئەگەر بە وردی سـەیری خـاڵە لێکچـووەکانی تەنها نـاونیشـانی کتێبەکانی سیامەند کاکەخـان بکەین دەبینین ئەم نووسەرە دیوێکی نەبینراوی عـەتایە و خۆی لەژێر ئەو ناوەدا حەشارداوە. نـاونیشـانی "دەسـتنووسـی یەکـەم" کە یەکێکە لە بەرهەمـەکانی سیامـەند بۆتە ناونیـشـانی ئـەو بەرهـەمەی کە ئێمە ئێستا لیی دەدوێین، هەروەها "ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک" کە یاداشتەکانی سیامەندی لە خۆگرتووە پاش سێ ساڵ عەتا مـحەمەد رۆمـانێک بە هەمان ناونیشـانەوە چاپ دەکات. واتە وەک لەسەرەوەش ئاماژەمان بۆکرد عەتا کە خوڵقێنەری ئەو نووسەرانەیە، لەم کتێبەدا هێندە بە وردی کاری کردووە تاڕادەیەکی زۆر نووسەرە ئەندێشەییەکان لە نووسەری واقیعی دەچن. عـەتا کاری

کردووه بۆ فرانکردنی ئەو هێڵەی، یان ئەو بازنەیەی خۆی کاری تێدا دەکات، کە وەک لەسەرەوە وتمان هەوێنی جیاوازبوونی ئەو دەگەیەنێت، بۆیە دروستکردنی بەرگی کتێبەکانیش بۆ نووسەرە ئەندێشەییەکان لای عەتا تەنها گەمەیەکە بۆ دروستکردنی ئەو پانتاییەی کە واقیعێکی گریمانکراوە، کە سەرجەم بەرهەمەکانی عەتا لەو هێڵەدا دەسووڕێنەوە.

## بەرلەکۆتایی

عەتا لەکۆتایی ئەو کتێبە ئەندێشەییەدا ئەوە دەخاتەڕوو کە چەندین نووسەری تری ئەندێشەیی لە خەیاڵیدا بووە، بەڵام نەینووسیونەتەوە لەبەر ئەوەی دەبێت نووسەر بیر لە دانانی دواخاڵێک بکاتەوە تا ئەزەلیبوون لە خۆماندا بکوژین. چونکە تەنها "ئەو" ئەزەلییە. عەتا لێرەدا مەبەستی لە "ئەو" خودایە کە تەنها ئەو خالقەیە کە ئەزەلییە. لێرەدا دەگەینەوە ئەوەی کە خودی عەتا لە پێشەکی کتێبەکەیدا خستییەڕوو، کە پەیوەندی (نووسەرخالق)ە. لێرەدا تێدەگەین کە نووسەر خالقێکی کاتییە و مادام مەرگ هەیە توانای ئەزەلیبوونی نییە.

ئەم تێکستە دەوڵەمەند بە خستنەڕووی ئەزموون و بیروڕای عەتا لەمەڕ ئەو بابەتانەی لەسەرەوە بەشێکیمان خستەڕوو و جوانی ئەم تێکستە ئەندێشەییەش لەوەدایە نووسەر هەوڵی نووسینەوەی ئەزموونی خۆی داوە لە ڕێی ئەفراندنی حیکایەتەوە، کە حیکایەتی سێ نووسەری ئەندێشەکراوە.

ئەوەی لە دواجاردا من دەمەوێ بیخەمەڕوو ئەوەیە کە ئەم کتێبە لەگەڵ کتێبێکی خوڵقێنراوی تری عەتادا پێکەوە چاپکراون کە (پەرتووکی خەون)ە و هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەم کتێبەوە نییە، تەنها قەدەری چاپبوون پێکەوە کۆی کردوونەتەوە. دەبێت ئەوەش بخەمەڕوو کە خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەو دووکتێبەدا ئەوەیە کە هەردووکیان دەقی ئەندێشەیین.

دەستنووسی یەکەم لەو کتێبانەیە کە دەکرێت زۆر زیاتری لەسەر بنووسرێت و سەرجەم ئەو ڕایانە بخرێتە ژێر پرسیارەوە کە نووسەرە ئەندێشەییەکان دەیخەنەڕوو ودواجار عەتا وەک خاوەنی ڕاستەقینە لە پشتیانەوە وەستاوە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمەی نووسەر توانای ئەزیلیبوونمان نییە. منیش بیر لە دانانی دواخاڵێک دەکەمەوە بۆ ئەم نووسینە.

*** عەتا محەمەد (دەستنووسی یەکەم و پەرتوکی خەون)، تێکستی ئەندێشەیی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی (٢٠٠٣).**